# کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو!

**کاوە حەبیب**

لەم وڵاتەدا کەمجار هەڵکەوتووە، کەسی شیاو لە شوێنی شیاوی خۆی، دابنرێ!، رەنگە زۆربەمان بە مەبەستی رایی کردنی کارێك رێمان کەوتبێتە فەرمانگەیەك، بارەگایەك، قوتابخانەیەك،.... هتد، لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی ناشایستەو نابەجێی بەرپرسەکە، یان رایی نەکردنی کارەکە، یەکسەر ئەو دێڕەی سەرەوەمان دێتەوە یاد، هەڵبەتە ئەمەش بۆ خۆی نەهامەتییەکی گەورەیە.

ئەگەر زێدەڕۆییم نەکردبێ، پێم وانیە لە ژیانمدا (جگە لە یەك جار) تووشی حاڵەتێك هاتبم‌و پێویستم بە یادکردنەوەی ئەو پێنج وشەیەی سەرەوە نەبووبێ، بۆ ئەوەی کارتەکان تێکەڵ نەکەم‌و رەش‌و سپی لێك جیاکەمەوە، بە پێویستی دەزانم ئەو یەك جارەی کە بە چاوی خۆم (کەسی شیاوم لە جێگەی شیاو) بینی، بۆ خوێنەری بەرێزی باس بکەم، بە ئومێدی ئەوەی رەخنەی ئەوەم لێ نەگیرێ و پێم بڵێن ئەم برادەرە ئەوەندە رەشبینەو کەس بە شیاو نازانێ!!

من خەڵکی گوندی (حەساری گەورەی) سەر بە شاری کەرکووکم، رۆژی 2007/5/4 کاتژمێر (4) پاش نیوەڕۆ بەرەو گوندی (قادر عەلی) بەڕێکەوتم، کە (2 تا 3) کیلۆمەترێك لە گوندی حەسار-ەوە دوورەو رێگاکەش خۆڵەو چەو رێژ کراوە، ئەمبەرو ئەوبەری رێگاکەش دەغڵ‌و دانەو ئەمەش زێدەتر بۆتە هۆی ئەوەی کە بە ئاستەم دوو سیارە بتوانێ بێن‌و بچن.

من تەقریبەن گەیشتبوومە نیوەی رێ‌و لە بەرامبەرم دا دوو سەیارەی خوا پێداوان دەرکەوتن، یەکەمیان سەیارەیەکی هۆندا-ی رەنگ رەش بوو کە شێوەکەی وەکو (لاندگرۆزەر) بوو، ئەوی تریشیان BMێکی رەش بوو، کاتێ گەیشتنە لام رێیەکە جێگەی دوو سەیارەی نەبوو بۆیە یەکڕاست شکاندیانەوە سەرم‌و لە سەیارەکەمیانداو ئاوێنەکەی لای خۆمیان شکاند، منیش رامگرت‌و بزانم مەسەلە چییە؟!، هەر ئەوەندەم زانی چەکدار وەك (حەرەس قەومی) هاتنە خوارەوەو بە چەکی (ویزە)و (دەمانچە)ی رووتەوە کەوتنە هەڕەشەو سوکایەتی پێ کردنمان، سەرەڕای ئەوەش منیان قەرزاربار دەکرد کە بۆ سایدەکەی ترم نەگرتووە، منیش پێم گوتن زۆر عەیبە بۆتان ئێوە کەس نازانێ لە کوێوە هاتوون و دەتانەوێ لەسەر زەوی و گوندی خۆمان تەعەداشمان لێ بکەن! پاشان ئەمە، خۆ رێگەی بەغدا نییە تا دوو ساید بێت؟!، بە هەر حاڵ منی بێ دەسەڵات‌و ئەوانی هەمیشە زاڵم باش بوو هەر لێشیان نەدام، دوای سوکایەتی پێکردن سواری سەیارەکانیان بوون و رۆیشتن. منیش دەمویست بەوە دڵی خۆم بدەمەوە کە ئەم کارە ناڕەوایەی ئەم چەکدارانە دەرهەق بە منیان کرد بۆتە کارێکی ئاسایی‌و، رۆژانە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز دڵی خۆم پێ قایل نەدەکرا، ئاخر منێکی بێ چەك‌و لەگەڵ ژن‌و منداڵ بە عەقڵی هیچ کەس ناچێ بتوانم بە سەیارەکەم بشکێنمەوە سەریان، یانەخۆ بمەوێ رێگە بەو بەڕێزانە بگرم، نەخێر. کاری رێگری‌و تەعەدا کردن لە خەڵکی بێ گوناە تەنها کاری ئەو بەڕێزانەیە.

من هەر لە جێی خۆم بووم لەو دەمەدا سەیارەیەك کە هی ناوچەکە بوو (رووبەڕووم هاتن‌و کاتێ گەیشتنە لام هەموو سەرنشینەکانی ناسیاوو دۆست بوون، لایانداو منیش باسەکەم بۆ گێرانەوەو ئەوانیش تەئکیدیان لە جۆری سەیارەکانیان کردەوە، منیش پێم راگەیاندن: کە سەیارەکان یەکێکی (هۆندا)و ئەوتریان (BM) بوو، ئەوانیش گوتیان ئەوە (د. حوسێن خانەقا)ی سەرۆکی زانکۆی کەرکووك‌و پاسەوانەکانی بوون، کە ئەمڕۆ بۆ سەیران تەشریفیان هێنابووە (ناوچەکە)!!.

ئەمجا بۆم دەرکەوت، دکتۆر دەیەوێ پەیامی پیرۆزی پەروەردە لە رێی چەکدارەکانی‌و بە دەمانچە رووتەکانی دەستیانەوە بە هاووڵاتیان بگەێنێت.!! بۆیە د. حوسێنی بەڕێز بە حەق کەسی شیاوە بۆ جێگاکەی!!

کاوە حەبیب

گوندی حەساری گەورە- 5/12

Dengekan